
## بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر:

# زۆر لەو کەلوپەلانەی کە پێویستە بەغدا بۆمان دابین بکات لەبودجەی حکومەتی هەرێم دابین دەکرێت



**بەڕێوەبەرایەتی پاسـپۆرتی هەولێر بەیەکێك لەفەرمانگە کاراکان دادەنرێت نەك لەسـەر ئاستی پارێزگای هەولێر و هەرێم، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش، بەڵگەش بۆ ئەم قسانە، سەرەڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆی دروست دەکران بەبیانووی جیاجیا و بێ بنەماوە، لەسـاڵی 2011 بۆ چەندین مانگ پلەی یەکەمی بەدەسـتهێنا لەسـەر ئاستی عێراق کە زۆرترین مامەڵەی هاووڵاتیانی ڕاپی کردووە و زۆرترین هاووڵاتی لەهەولێر بوونەتە خاوەن پاسپۆرت، ئەمەش بۆ ئەرك و ماندووبوونی بەڕێوەبەر و گشـت کارمەندانی ئەم فەرمانگەیە و پاڵپشتی بەردەوامی وەزارەتی ناوخۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێرمان کرد و عەمید دیدار عومەر بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**ماوەیەکە بەڕێوەبەرایەتی پاسـپۆرتی هەولێر لەسەر ئاسـتی عێراق لەپلەی یەکەم و پلەکانی پێشەوە دایە لە ئەدا و خزمەتکردنی بە هاووڵاتیان، لەم بارەیەوە عەمید دیدار وتی:** بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بـەردەوام لەگەڵ کارمەنـدەکان کۆبوونەوە دەکەین بـۆ ئـەوەی بتوانین چـۆن خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان بکەین، بۆیە بەردەوام دەوامی زیادەمان هەیە بەبێ بەرامبەر، هەروەها ڕۆژانی شەممەش دەوامان هەیە، مانگانە ١٥-١٨ هەزار پاسپۆرتمان بۆ هاووڵاتیان چاپکردووە، لەسەرەتای سـاڵی ڕابردوو نۆرەی وەرگرتنی پاسپۆرت سێ مانگ زیاتر بوو، بەڵام خۆشـبەختانە ئێسـتا لەحاڵەتی ئاسـایی وەرگرتنی پاسـپۆرت لەدوو هەفتـە زیاتر تێپەڕ ناکات، بـەڵام لەحاڵەتی نا ئاسـاییدا نۆرە نییە و ئەگەر زۆر پێویست بکات لەهەمان ڕۆژ پاسپۆرتی وەرگرتووە بەتایبەتی بۆ نەخۆشی، هەروەها بۆ ئیفاد و بازرگان، سەبارەت بەپلـەی یەکەم کە مانگانە لەبەغدا دادەنرێت بۆ ئەو فەرمانگانەی زۆرترین پاسـپۆرتیان چاپ کردووە، ئێمە تـا مانگی یازدە چوار جار یەکەم و سـێ جار دووەم و سـێ جاریش سێیەم بووین و بەنووسراوێکی ڕەسمی سـوپاس و پێزانینمان بۆ دێت.

### بەغدا وەك پێویست هاوکاریتان دەکات؟

وەك زۆربـەی دامودەزگاکانـی دیکـەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتیش هەمیشە گرفتیان لەگەڵ بەغدا هەیە و بیانووی جیاجیایان بۆ دەدۆزنەوە، **سەبارەت بەم گرفتانـە عەمید دیدار دەڵێ:** کێشـەکەی ئێمە ئەوەیە کە پێدانی پاسپۆرت و ڕەگەزنامە کارێکی سـیادییە و هەمـوو بڕیارەکان دەبـێ لەبەغدا دەربچن، بەغداش وەکو پێویست هاوکاریمان ناکات بەتایبەتی لەمەسـەلەی ئامێرەکانی چاپکردنی پاسـپۆرت لە کوردستان، هەروەها بەنووسراوێکی ڕەسمی داوامان کردووە نووسینگەیەکی پاسپۆرت لەوێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە بتوانن سـوودی لێ وەربگرن، بەڵام ڕەزامەندیان نەدا لەسەر ئەو نووسـراوەی ئێمە، بۆیە بیرمان لەکردنەوەی نووسـینگەیەکی دیکە کردەوە لەناو شـاری هەولێر و خەرجییەکەی هەموو لەسـەر بودجـەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمە، چونکە بەغدا نـە ئامێرەکانیان بۆ دابین کردین

**لەسەرەتای ساڵی ڕابردوو نۆرەی وەرگرتنی پاسپۆرت سێ مانگ زیاتر بوو، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا لەحاڵەتی ئاسایی وەرگرتنی پاسپۆرت لەدوو هەفتە زیاتر تێپەڕ ناکات**

نە پارەشـیان نارد بۆ کردنەوەی نووسینگەیەکی تر هەرچەندە ئەمە ئەرکـی بەغدایە و پێوەندی بەحکومەتی هەرێمەوە نییە.

ئایا نەبوونی وەزیری ناوخۆ لەبەغدا کاریگەری سلبی لەسـەر کارەکانی فەرمانگەکانی هەرێم هەیە، **لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر وتی:** بێگومـان نەبوونی وەزیری ناوخۆ لەبەغدا هۆکارێك بووە بۆ سست کردنی کارەکانی ئێمەش، بەڵام ئەمـەش تەنیا بیانـووە، چونکە لەکاتی هەبوونی وەزیریش زۆر شتی پێویستمان داوا دەکرد جۆرێك لەسـتیان دەنواند، سـەرەڕای ئەمەش نەبوونی وەزیر هۆکارێکە بۆ دواخستنی کارەکان و بەڕێوەبەری گشتی بەغدا ناتوانێ هەموو کارەکان ئەنجـام بدات، بۆ ئەوەی کارەکانمان نەوەسـتێت ئێمە بـەردەوام هانا دەبەینە بەر وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری هەولێر، بۆ نموونە دوو چاپخانەیان بۆ ناردین کە دەبوایە دوای چاپ کردنی ٥٠ هەزار پاسـپۆرت بگۆڕدرێن کەچی ئێمە ناچار بووین نزیکەی ٢٠٠ هەزار پاسپۆرتی پێ چاپ بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەغدا پشـتگوێیان خستین ئێمە ناچار بووین لەسەر فەرمانی بەڕێز وەزیری ناوخۆی حکومەتـی هەرێم بچیـن لەئەڵمانیا کەلوپەلی چاککردنەوەی ئەم چاپخانەیە بکڕین.

حکومەتـی بەغـدا لـە دابینکردنـی ئامێرەکانـی چاپکردنی پاسـپۆرت و فینگەر پرێنـت هاوکاریمان ناکـەن، چونکە ماوەی کار کردنی ئەم ئامێرانـە دیاریکراوە و نابێ لەکاتی خـۆی زیاتر کاری پێبکرێت لەبـەر ئەوەی لێرە دەسـتناکەوێ ناچـار بووین بچیـن لەئەڵمانیا لەسـەر بودجـەی حکومەتی هەرێـم دابینیان بکەین، هەروەها ئێمە داوامان کردووە لەکاتی ون بوون یان لەدەستدانی پاسـپۆرت هەموو جارێك هاووڵاتـی ناچار نەبێ بچێت بۆ بەغدا، چونکە بەپێی یاسـا لەکاتی ون بوون یان لەدەسـتدانی پاسپۆرت هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی پێویستە سـەردانی دادگای لێکۆڵینەوە بکات لە کەرادە، ئەمەش کێشەیەکی زۆری بۆ هاووڵاتیانی هەرێم دروست دەکات، چونکە زۆر لەهاووڵاتیانی هەرێم ڕووبەڕووی کێشـەی نەزانینی زمان دەبنەوە و باری ئەمنیش سـەقامگیر نییە لەبەغدا، دوای هەوڵێکی زۆرمـان ڕەنگە لەسـاڵی نوێ هەر پارێزگایـەك دادگای لێکۆڵینـەوەی تایبـەت



بەخۆی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لێرەوە داوا لەهاووڵاتیان دەکەم کە پاسپۆرتەکانیان زۆر بەباشی بپارێزن، چونکە پاسپۆرت ناسنامە نییە بەردەوام لەگیرفانی بێت.

زۆر جار گلەیی لەوەرگرتنی ئەو ڕسوماتە دەکەن کە بانك لەهاووڵاتیانی وەردەگیرێت، عەمید دیدار بەو شێوەیە ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ هاووڵاتیان دەخاتە ڕوو سەبارەت بەم ڕسوماتانە کە ئایا بۆ وەردەگیرێ و بۆ کوێ وەردەگیرێ و پێی وایە لەهیچ وڵاتێك هاووڵاتی بەخۆڕایی پاسپۆرت وەرناگیرێ و ئەگەر لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بەراوردی بکەی لەهەموو شوێنێك کەمتر وەردەگیرێ، تەنانەت لەهەر وڵاتێکی ئەورووپیش لەماوەی ٤ -٦ هەفتە ئینجا هاووڵاتی دەبێتە خاوەن پاسپۆرت لەحاڵەتی ئاسایی، حاڵەتێکی دیکە هەیە پێی دەڵێن پاسپۆرتی بەپەلە کە لەهەمان کاتدا وەردەگیرێ، بەڵام لێرە نییە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە، چونکە داوامان کردووە لێرەش ئەو سیستەمە هەبێت، سەبارەت بەپارەش بەهەمان شێوە لەئەوروپا زیاتر وەردەگیرێت کە نزیکەی ١٠٠ دۆلار دەکات کەچی ئێمە تەنیا ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگرین، بۆ زانیاری هاووڵاتیانیش مانگانە ئەو پارەیەی لەبانکەکان وەردەگیرێت دەکرێتە چەك و دەنێردرێتەوە وەزارەتی دارایی بەغدا و هیچی بۆ حکومەتی هەرێم نییە، سەرەڕای ئەوەی ئەم پارە زۆرەیە دەنێرینە بەغدا کەچی بچووکترین ئامێر و پێداویستیمان بۆ دابین ناکەن و حکومەتی هەرێم لەبودجەی خۆی پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکات.

سەبارەت بە هاوکاری هاووڵاتیان لەگەڵ کارمەندان و ئەو ژمارە زۆرەی پاسپۆرتی هاووڵاتیان کە لە فەرمانگەکەیان کەڵەکە بووە و کەس نایێ بۆ بردنەوەیان، عەمید دیدار وتی:- بەدەستهێنانی پاسپۆرت مافی هەر هاووڵاتییەکە، بەڵام ڕۆژی وا هەیە ٤٠٠ کەس سەردانمان دەکەن و قەرەباڵغییەکی زۆر دروست دەکەن، کەچی ڕۆژی وا هەیە هیچ هاووڵاتییەك نایەت ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هاووڵاتیان لەڕۆژی دیاریکراوی خۆیان سەردانمان ناکەن، بۆیە داواکارم هاووڵاتیان لەو

**بۆ زانیاری هاووڵاتیانیش**
**مانگانە ئەو پارەیەی**
**لە بانکەکان وەردەگیرێت**
**دەکرێتە چەک و دەنێردرێتەوە**
**وەزارەتی دارایی بەغدا و هیچی بۆ**
**حکومەتی هەرێم نییە**

ڕۆژانەی بۆیان تەرخان کراوە سەردانمان بکەن بۆ ئەوەی کارەکانی ئەوان بەباشی بەڕێوە بچێت و قەرەباڵغیش دروست نەبێت، چونکە ئێمە دەوامی زیادە دەکەین بەتایبەت لەوەرگرتنەوەی پاسپۆرت بۆ ئەوەی هاووڵاتی پاسپۆرتی خۆی وەربگرێت و جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەشوێنی دوور هاتوون، سەبارەت بەو پاسپۆرتانەی کە خاوەنەکانیان نەهاتوون بۆ بردنەوەیان، لەبەغدا ئاگادار کراینەوە کە پاسپۆرتە کۆنەکان بگەڕێنینەوە، ئێمەش بە وەڵاممان دانەوە کە مەبەستیان لەکۆنەکان چییەو لەهەمان کاتدا هاووڵاتیانمان ئاگادار کردەوە کە بێن بیانبەنەوە، لێرە پرسیارێك لەو هاووڵاتیانە دەکەم کە پێویستتان بەپاسپۆرتە بۆچی نایەن بیبەنەوە و کە پێویستیشتان پێی نییە بۆچی دەتانەوێ و دووبارە دڵنیایان دەکەمەوە پاسپۆرت زۆرە و هەموو هاووڵاتییەك دەتوانێت ببێتە خاوەنی. هۆکارەکەی بۆ نەبوونی متمانە و تێنوویەتی هاووڵاتیان بۆ پاسپۆرت دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێمە هەموو بەڵێنەکانی خۆمان بەجێهێناوە، زۆر جار بیستوومە یان خوێندومەتەوە کە وتوویانە موستەحیلە پاسپۆرت بێتە هەولێر یاخود بەزمانی کوردی لەسەری بنووسرێت و وەك خەونێکیان دەبینی، کەچی ئێستا هەیە و یەکەم بەڵگەنامەی ڕەسمییە کە بەزمانی کوردی لەسەری بنووسرێت، ئەمەش بەئاسانی نەهاتۆتە دی و ئەرکێکی زۆری ویست تاکو بتوانین زمانی کوردی لەسەر پاسپۆرت هەبێت، ساڵی پار ڕۆژانە کێشەی تۆڕمان هەبوو کە ئێستا نەماوە، هەروەها بەنیازین نووسینگەیەکی دیکەش بکەینەوە بەمەش خزمەتێکی زیاتری هاووڵاتیان بکەین، نامەوێ منەت بەسەر هاووڵاتیان بکەم، بەڵام کارە زەحمەتەکە لەئەستۆی ئێمەدایە و هاووڵاتی تەنیا ڕۆتینە ئاساییەکە ئەنجام دەدات وەك پەنجە مۆر. لەسەرەتای ساڵی ڕابردوو لەبەغدا ئاگادار کراینەوە کە بەهیچ شێوەیەك کار بەپسولەی خۆراك نەکەین، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ هاووڵاتیان دروستکرد بەتایبەتی ئەوانەی کارتی زانیارییان نییە، بۆیە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کارتی زانیاری کرد بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان لەماوەیەکی زوودا ببنە خاوەن کارتی زانیاری.